www.kurdistannet.org
25-11-2005 14:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ جاش قەڵەم و باش قەڵەمانی کورد لە هەر شوێنێک دا بن ... عبدالرحمن باوەگوڕگوڕی

قەڵەم کرۆکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە، هێمای رۆشنبیری و تێگەیشتنە، چرایەکە جیهانی رووناك کردۆتەوە، چەمکە پیرۆزەکانی پینووسراوەتەوە، تا قەڵەمی راستگۆ لە ئارا دا بێت دیموکراسی ئازادی بەرگری لە ستەم بەرەو بەرقەرار بوون هەنگاو دەنێت.
کەچی بەداخەوە لای بەشێك لە قەڵەم بە دەستان تێکرا بەها پیرۆزەکان پێچەوانە بوونەتەوە، قەڵەم بۆتە کاڵاو بازرگانی پێوەدەکرێت. لای هەندێك بووە بە هێسترێك و قاچاغ چێتی پێوەدەکرێت و لای هەندێکی تر بووە بە گوولە تۆپ لە ژێر درووشمی چەواشەکردن دا ماڵی خۆمانی پی کاول دەکرێت و لای هەندێکی تر تاخمی ئارایشتەو رووە دزێوەکانی جەردە و دزەکانیان پی دەشاردرێتەوە.
لە ترسناك ترین کات و لە ناخۆشترین سەردەم ساڵانی 88-87 چەند جاش قەڵەمێك هەبوون شان بەشانی جاشە چەکدارە کان بەشداریان لە جینۆساید قرکردنی خەڵکی کوردستان دەکرد ئەمانە بە وپەڕی بیشەرمییەوە دژ بە شۆرشی رزگاری خوازی کوردستان بوون بە ئاشکرا مەبەستیان لە ناو بردنی شۆرشەکە بوو لە بە رهەر هۆیەك بێت.
ماوەیەکە هەندێك قەڵەم (بە داخەوە سایتەکانی ئینتە نێت) یان کردووە بە مینبەریان و بی هوو دە بەم و بەوەوە دەنووسێن (بوو ختان-درۆ درووستکردن-پیاهەڵدانی بیتام□□□□.. هتد) سەباری بە کارهێنانی هەندێك ووشە بەرامبەر یەکتر تەنها بەو قەڵەمە (گلاوانە) دەتوانرێت بنووسرێت. ئەوەندەی دژ بە یەکتر خەریکی نووسینن چارەگێکی ئەوە خۆیان بەخۆ رۆشنبیر کردنەوە خەریك ناکەن، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە هەر کەسیان دەست نەکەوێت سەرکردەکان خۆتان بگرن هاتم (ئێوە هیچتان نەکردووە تەنها و تەنها هاتوون میللەت بدۆشن ئێمە لە هەندەرانەوە پێتان دەڵێین کورسی دەسەڵاتمان بۆ چۆڵ بکەن ئێمە شایستەی دەسەڵات گرتنەدەستین ئەگەر دەسەڵاتمان گرتە دەست دوونیایەکی بی چین بنیاد دەنێین کە تائێستا وێنەی لە جیهان دا نیە، یەکەم هەنگاومان بریاردانی سیستەمی سۆشیالە و بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا لە کوردستان پەیرەو دەکەین) ئاغاکانی قەڵم لە هەر شوێنێکن خوێنەر شەرم دەیگرێت هەندێك لە بابەتەکان دەبینێت، هەندێکیان بۆ یەکەمجار کوێرانە دەخوێنێتەوە ئەوەندە بی تامە جارێکی تر بێزی نایەت (چونکە کلیك لە سەر هە بابەتێك بکەی کە ئەو ناوانەی پێوەیە وەکو دوومەڵێکی پیس ئەوەندە کێم و زوخاویان لی دەچۆڕی مەگەر هەر خۆیان بە خۆیان بن) تووخنی بکەوێت.
قەڵەمە سەرلێ شێواوەکان ئەگەر بتانەوێت لە هەندەرانەوە بە ریمۆت کۆنترۆڵ حکومەتی هەرێم (بە هەردوو ئیدارەکەوە) برووخێنین و سەر لە نوی حکومەتێکی یەکگرتوو کەم وێنە لە جیهان بنیاد بنێن کارێکی محاڵە. دیارە هەرگیز بەندە لە بەرەی دوو لەت بوونی حکومەت و گەندەڵی ئیداری و ناعەدالتی و حوکمی دەسەلات حیزبی نیم و لە ئێوە گەلێك پێی نیگەران ترم بەڵام ئێمەی کورد بە دەریایەك خوێن ئنجا حکومۆتچکەیەکمان بۆ درووست کرا و ئەوەشمان پی رەوا نەبینرا و تائێستاش دوولەتە لە جیاتی ئەوەی هانی یەکگرتنەوەیان بدەین دەست بە خاڵە ئیجابیەکانەوە بگرین هەوڵبدەین ئەوانیدی راست بکەینەوە کەچی بە داخەوە دەڵێم هەندێك گەندە قەڵم هەیە کورد ووتەنی وەکو □). دێزەن حەز بە مردنی خۆیان دەکەن تا خاوەنەکانیان زەرەر بکەن) حەز بە کەم وکوڕی میللەت و

سەرکردەکانیان دەکەن بۆ ئەوە کەرەستەی خاوی نووسینەکانیان دەست بکەوێت. من پێم وایە دەستمان بەحکومەتەکەمان وەبێت و هەوڵی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە بدەین، رەخنەی بنیاد نەر بگرین، بە قەدەر ئەوەی دەینووسین بیر لەوە بکەینەوە بۆچی دەینووسین، ئەوانە شەیتانی کەڕن ئەگەر کەم و کوڕیەك لە هەر کەسێك ببینن و لیی بیدەنگ بن، خەجاڵەتی مێژوو بن ئەوانەی لە رووانگەی حیزبایەتی تەسکەو و بەرژەوەندی تایبەتە وە دەڕواننە کێشەی گەلە ستەم دیدەکەمان موو لە زمانی ئەوانەبێت کە ناواقعیانە کێشەکان و راست و چەوت چاك وخراپ لێك جیا ناکەنەوە.

برادەرانی بەرێز
ئەمرۆ رۆژی راگەیاندنە چەندەها کەناڵی عەرەبی کە ئێمە پێیان ئاشناین رۆژانە راستی دۆزە رەواکەی میللەتەکەمانیان لە بەر چاوی خەڵکی ناوچەکە (بمانەوێت یانەمانەوێت کە لە گەڵیان دەژین) دەشێوێنن وەکو قەناتی:
(الجزيره-العربيه_ANN-_anb mbc-ابوضبى-المستقله-الديمقراطيه.................. هتد) (هەرچەندە ئەمە بە پلەی یەکەم ئەرکی کادیر و راگەیاندنی حیزبەکانە بەڵام ئەوان خۆیان لی کەڕکردووە وکەمتەرخەمی دەنوێنن و جێگەی گلەیی و گازندەن لە بەرئەوە پێویستە لە سەر هەر یەکێك کە لە خۆی رادەبینێت و لە زمانی بەرامبەر شارەزایە وریاو ئامادەبێت وەڵامیان بداتەوە) پێویستە لە سەر هەموو لایەك لە رێگەی بەشداری لەو بەرنامانەوە راستییەکان روون بکەنەوە و نەهێڵن واقیعەکە بشێوێنرێت کەچی نووزە لەکەستانەوە نایەت بەڵام کە بەرنامەیەکی سەتەلایتە کوردییەکان دەبێت لە بەر بەشداری برادەرەانی هەندەران بواری خەڵکی ناوخۆ نادرێت بۆچی بانێکەو دوو هەوا؟؟؟؟؟؟؟؟؟

سەبارەت بە وەزعی سایتە کوردی یەکان لە سەتەلایتەکان باشتر نیە تا رادەیەکی تەواو بوونە بە وێستگەی توانج و وورووژاندنی هەستی هەرزەکارانە (ببوورن ئەوانەی ئەم پێناسەیە نایان گرێتەوە) و هەریەکەیان لە لایەن هەندێك کەسەوە بەشێکی سایتەکەی تاپۆ کردووە یا سەرقفڵی داوە وشتە قێزوونەکانیان بە رووماندا هەڵدەماڵن. بیگوومان هەموو باش دەزانین ئەوەندەی کورد پێویستی بە سایت و راگەیاندنی عەرەبی و زمانەکانی تر هەیە نیو ئەوەندە پێویستی بەو هەموو سایتە کوردی یانە نیە، ئەوەندەی دۆزی کورد پێویستی بە دەرخستنی راستی یەکان هەیە و بەرگری کردن لە کێشە رەواکەی گەلە کەمان هەیە ئەوەندە پێویستی بە گەورەکردنی کێشە بچووکەکان و بجوك کردنی کێشە گەورەکانی (کێشەکانی کوردستان) بە زمانی کوردی نیە. تەنها ئەوەندەی بەندە ئاگادار بێت بروانە ئەم سایتانە ئنجا تیدەگەن کەر لە کویکەوتووە کووندە لە کوی دڕاوە (بۆنموونە ئەم بابەتە بخوێنەوە ئنجا بریار بدە کات بە وەڵام دانەوەی ئەمانەوە خەیك بکرێت باشترە یا بە ... هتد خۆزگە بەندە زمانی نووسینی عەربییەکەی بە هێز بووایە و بە واجب هەڵسایە)

بقلم ايوب البزاز

فالوضع الراهن في البلد - ولشديد الأسف -متوجه نحو أستكمال أستقطاع الأجزاء الشمالية من العراق وأنشاء ما يسمى بـ) كردستان (رغما عن أنف العراقيين .وأن الأحداث الدامية التي تتوالى في العراق تصب جميعها لصالح القضية الكردية ليس الا .فالأكراد– دون سواهم -هم المستفيدون الوحيدون من أعمال التخريب والقتل والتفجيرات التي تشهدها بقية المدن الغير الكردية في الوقت الذي يتم اسكان مئات الالاف

من العوائل الكردية وأكثرهم من دهوك والمناطق المحيطة بها والذين لم يحالفهم الحظ برؤية كركوك من قبل .و تشير الأحصاءات التي حصلنا عليها من كركوك بأن 150 ألف من العوائل الكردية قد قدمت الى كركوك منذ بداية هذه السنة .والمستوى التعليمي لأكثرهم) أن لم يكن جميعهم (في مستوى الأمّية جاءوا الى كركوك مع مواشيهم وأغنامهم ودواجنهم وسكنوا في المخيّمات أو في مبنى وساحة الأدارة المحلية التي كانت في يوم من الأيام ملعبا لكرة القدم أملا في أسكانهم في قصور العوائل العربية والتركمانية بعد تهجيرهم من دورها عنوة . والعمليات الأستفزازية مستمرة ضد التركمان - أهالي المدينة الأصليين من أجل أرضاخهم لقبول الأمر الواقع المفروض عليهم ألا وهو الطـغيان الكردي وعائدية كركوك لهم بقوة السلاح وأجبارهم بالتحدث باللغة الكردية فقط .والمعروف أن الأدارة الأمريكية نزعت السلاح من جميع القوى السياسية سوى المليشيات الكرد ية الذين معهم السلاح والمال والسلطة .فهم - بالأضافة الى سيطرتهم للمنطقة الشمالية -يحكمون العراق ومن العاصمة بغداد بفضل كاك بريمر وكاك بوش .

فالذين يجهلون تأريخ أكراد العراق أقول بأن موطن الأكراد الحقيقي ولحد التأريخ الحديث) الخمسينات من القرن الماضي (هوالشمال الشرقي من العراق حول الشريط الحدودي المتاخم لحدود أيران من الشرق ولحدود تركيا من أقصى الشمال وكانت لهم مدينة واحدة فقط وهي السليمانية .فالأكراد) مع أحترامي لهم (ليسوا من أهل المدينة أساسا وهم جاءوها من أطرافها وسكنوا فيها في غفلة عن أهلها . وجاءوها بدءا في الخمسينات للعمل فيها في مهن مذلـّة جدا لايستسيغها ايا كان .!!! فعملوا في حرف عديدة كصباغي أحذية وحمّالين وعمّال بناء مقابل أجور زهيدة جدا لدى أهالي كركوك من التركمان الذين كانوا أسيادا في مدينتهم ويتربعون على أدارة الدوائر جميعها وشركة نفط العراق في كركوك بشهاداتهم العليا وفي خبراتهم الفنية العديدة .ولا عيب في العمل الشريف بتاتا ولكن الغاية يبدو وأنها لم تكن كذلك بل تجاوزتها فيما بعد نحو زيادة نفوسهم في المدينة النفطية الى أن تحين الساعة للأدعاء بأنها كردية ثم تكريدها مستقبلا .وقد احترمهم و أكرمهم أهالي كركوك خير الكرم ولم يكن في قلبهم غل ضدهم وكان التركمان ومايزالون يؤمنون بأن العراق عراق الجميع ويرفضون تقسيمه . ثم أزدادت الموجات الواحدة تلو الأخرى عندما كانت أعين رجال الأمن غافلة عنهم وكثر العدد فأصبحت لهم مناطق يتركزون فيها في كركوك كـ) أمام قاسم وشورجة وتعليم تبه أو ما يسمى بـ" رحيمأوا . ("والحالة هذه أنطبقت على مدينة أربيل أيضا ذات الغالبية التركمانية قبل تكريدها.

.دةتوانن لة www.google.com بطةرِيَن و بيان دؤزنةوة

-العراق للجميع

-الرافدين

-العراقيون

-عراقنا

-ارض السواد

-شباب العراق

-النهرين

-الكتابات

-البديل

-الاقلام

-العراق وطننا

-العراق هنا

-العراق الجديد

ئةوةى بةندة تيَبينى

ئەوەی بەندە تێبینی دەکات لەم سایتانەدا تەنها چەند دڵسۆزێك کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست زۆر تێپەڕ ناکات بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و بابەتیانە دەنووسن بە بی هیچ

خۆ تەنگاو کردنەویەك بەرگری لە کێشە رەواکەی گەلەکەیان دەکەن و رەخنەش لە دەسەلاتی حیزبەکان و حکومەتی هەرێم دەگرن و رێنمایی جەماوەر دوور لە هیچ کێشە و کۆنە قینێك بۆ ژیانێکی باشتر دەکەن تەنها بۆ نمونە ئاماژە بە هەندێك ناویان دەکەم ببورن ئەوانەی کە تێبینیم نەکردوون.

(د. جبار قادر-قیس قرداغی-محسن جوامیر-فینۆس فایق-وهاب شاە محمد -جلال جباری-ئازاد جباری-نزار جاف-تارق حمو-جمال زنگەنە)

برایان
ئەگەر رەخنە نەبێت پێش کەوتن نابێت، ئەرکی سەرشانمانە رەخنە لە هەموو کارێکی دزێو بگریین بەڵام لە هەمان کات دا چارەسەریشمان لابێت و کارە باشەکانیش نادیدەدە نەگریین، هەڵ سەنگاندنی دەسەڵاتیش بە رێژەی نێوان کارە باشەکان و دزیوەکان دەبێت ئنجا دەرەجەی باش و خراپی لە سەر هەر رێژەیەك بێت  95-90-80).. هتد) ئەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین **100%** لەو سەر زەمینە نیە. هەر لەم روانگەیەوە با تەپۆلکەیە نەکەینە چیایەك و چیایەکیش نەکەینە تەپۆلکەیەك و دەبێت ئەو راستییەش بزانین کە کەسێك هەڵە ناکات کە هیچ نەکات و ئەمەش خۆی لە خۆی دا هەڵەیە. بەشداری نەکردن لە هەرپرۆسەیەکی دیموکراسی کەبەشێك بانگەشەی بۆدەکەن بە خۆی لەکەدار کردنی دیموکراسییە پێدانی پانتاییەکی زیاترە بە بەرامبەر، لە سەر ئێمەی کوردستانی بە پێویستە تاماوەیەکی باش بەشداری هەموو دەنگ دانەکان بکەین بەو کەسە ی یا لایەنەی کە هەر یەکەمان قەناعەتێکی زیاترمان پێیەتی. با وەکو ئەو برادەرە نەکەین لە ناوەراستی هەشتاکان لە زانکۆی سلاحەدین لە سەر نەکردنی (مانگێك تدریبیجیش شعبی) لە زانکۆ فەسل کرا و چوو بۆ بە عەسکەری سەنگەرێکی بۆ رژێم پڕ کردەوە.

بەندە بە وەکو کەرکوکی یەك بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم کە لە کەرکوك بەشداری هەموو هەڵبژاردنەکان بکەم لە گەڵ کۆمەڵێك تێبینی لە سەر ئەو کەس و بەرنامانەی بە ناچاری یەوە دەبێت دەنگیان بدەمی چونکە ئەگەر بەشداری نەکەم وەکو عەرەب گوتەنی (این المفر) سەنگەری بەرامبەر بە هێز دەکەم تا ئەو کاتەی کێشەی ئەو خەڵکەی کە تا رۆژانێك هاندەریان بووین و لە سایەی خوێنی ئەوانەوە ئێمە و ئێوەوە بەم رۆژە خۆش و تاڵە گەیشتووین و شیرنیەکەی ئەگەرچی هەنگوین نیە بەڵام هەنگ و گوڵ دەبینرێت.